**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوكمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار كراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (3)ی رۆژی (2007/4/2) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە( 2 )ی ساڵی 2007
## یاسای وەزارەتی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناكانی بەرامبەریانە:

**یەكەم: هەرێم** : هەرێمی كوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی شارەوانیەكانی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری شارەوانیەكانی هەرێم.

**چوارەم: بریكاری وەزارەت** : بریكاری وەزارەتی شارەوانیەكانی هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی ڕاوێژكاریی وەزارەتی شارەوانیەكانی هەرێم.

## - ئامانجەكانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەكەم:** پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری خۆجێیەتی وشارەوانی بۆ دابین كردنی پێویستیەكانی دانیشتوان لەئاوی پاك وئاوەڕۆو ئاوی باران و دروستكردنی ڕێگاو پردو تونێل لەناو سنووری شارەوانییەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی هەمەجۆری شارەوانی لەرووی چەندیی وچۆنییەوە تاكو شارو شارۆچكە وگوندەكان دەگرێتەوە، لەگەڵ دابین كردنی پێویستیەكانی هاونیشتمانیان لەسەیرانگاو یاریگاكان.

**دووەم:** پلاندان وبەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی كارو ئەركەكان بەجۆرێكی وا دەگرێتە ئەستۆ كە بەشداریی لەخولقاندنی گەشەسەندنی ئابووری خۆجێیەتی بكات، ئەمەش لەرێگەی گرتنەبەری سیاسەتێكی كارا دەبێ بۆ بەكارهێنانی زەوی ونەخشەكێشانی بیناسازیی وئاوەدانی.

**سێیەم:** ئامادە کردنی ئاووهەوای لەبار بۆ پاریزگاریکردن لە ژینگەی پاك ودروست وگرنگیدان بە ناوچە سەوزەکان لەشارو شارۆچکەکاندا.

**چوارەم:** کارکردن لەپێناوی هێنانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی وخۆجێیەتی لەکەرتەکانی پەیوەندیدار بەکارەکانی وەزارەت و ئەمەش بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا دەبێت.

## -پێکهاتەکانی وەزارەت-

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:-**

**یەکەم: وەزیر:** سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەیداو سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی دەکات و هەرلەویشەوە ئەو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کەپەیوەندییان بەئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانیەوە لەرووی هونەیی ودارایی وکارگێڕێی ورێکخستنەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا و بەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کەئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەداو بۆی هەیە هەندێ لەدەستەڵاتەکانی بدات بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرەگشتیەکان یان ئەوەی لەوەزارەتدا بەشیاوی دەزانێ.

**دووەم: بریکاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدەرێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بە پلەی بەڕێوەبەر بێت وبڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەرکەزی وەزارەت:**

1- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.
2- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری.
3- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.
4- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.
5- بەڕێوەبەرایەتی بانکی زانیاریی.
6- بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێڕی وهونەریی.
7- بەڕێوەبەرایەتی ژینگە.

**شەشەم: راوێژکاران:** ژمارەیان لەچوار زیاتر نابێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت وخاوەنی شارەزایی و کارامەیی بن و پسپۆڕییەکەشیان لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێ.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێڕیی و دارایی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەخاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وخاوەنی شارەزایی وکارامەیی بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پلاندان وبەدواداچوون:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەبڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەنی شارەزایی وکارامەیی بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ نەخشەکێشانی بیناسازیی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەبڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکان:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**یازدەم:بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان:** بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**دوازدەم:بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێم دا:** هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کەبڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وپسپۆڕوخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**سێزدەم:سەرۆکایەتی شارەوانی لە مەرکەزی هەموو پاریزگایەك لە پاریزگاکانی هەرێم:** لە هەر پارێزگایەك سەرۆکێکی شارەوانی هەڵبژێردراو سەرۆکایەتی دەکات بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێ ولەمانەی خوارەوە پێکدێ:

| | |
|---|---|
| **1- وەزیر:** | سەرۆکە. |
| **2- بریکاری وەزارەت:** | جێگری سەرۆکە ولەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات. |

**3ـ نوێنەری ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن بەمەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ :** ئەندامن.

| | |
|---|---|
| **4- بەڕێوەبەرە گشتیەکان لەوەزارەت** | ئەندامن. |
| **5- هەر راوێژکار یا شارەزایەکی پسپۆڕ کەوەزیر لەناو وەزارەت یا لەدەرەوەیدا هەڵیدەبژێری:** | ئەندامن |

**دووەم:** ئەنجومەن راوێژکاری راسپاردەکانی خۆی پێشکەش بەوەزیر دەکات وئەگەر پەسندی کرد شێوەی بڕیاری وەزاری وەردەگرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێ بەست لەگەڵ کەسی سروشتی ومەعنەوی خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی لەناو هەرێم یا دەرەوەیدا بکات، تاکو ئەو ئەرك وکارانەی کەپێیان دەسپێردرێ لەوماوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ ئەنجام بدەن لە پێناوی بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی وەزارەت ومافی وئەرکەکانیان لەلایەن وەزیرەوە لە دوای وەرگرتی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسنیشان دەکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** بەپێڕەو ئەرك وتایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی وەزارەت دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی نویٚ یان بەش یا هۆبە لـەناو پێکهاتـەی وەزارەت دابـنیٚ یـان لێکیـان بدات یاخود هەڵیان بوەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکە لەکاتی پێویستدا.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنیٚ.

**ماددەی حەوتەم:**

یاسـای وەزارەتـی شـارەوانیەکان وگەشـت وگـوزاری ژمـارە (15)ی سـاڵی1992کـە لـە ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق دەرچووە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبیٚ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکریٚ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـائیعی کوردستان)یشدا بلاٌودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**- هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

لەبەر ئەوەی دوو وەزارەت بە ناوەکانی وەزارەتی شارەوانییەکان ووەزارەتـی گەشـت وگـوزار لـە جێـی وەزارەتی شارەوانییەکانی پێشوو دامـەزران ودەسـتەی گەشـت وگـوزار لـە وەزارەتـی شـارەوانی جـودا کرایەوەو هەردوولاش لە ئەرك وفەرمانداسەربەخۆن، بۆیە ئەم یاسایە دانرا

---

**تێبینی:** **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (68) **ساڵی هەشتەم –ی رۆژی** 2007/7/5 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بلاٌوکراوەتەوە.**